شیعر



چنوور نامیق

# ئادەم بەقومێ شەراب، ئەمباتەوە بۆ تاریکی



شەوی شەرمنی تەماشات
بەچاوانما دێتە خوارێ
نیگاشم هۆن هۆن
بەرسیلە گومان ئەگرێ
مەگری ئەی چاوە قەتیسەکانی رووم
کە هەرای عەشقت نایەوە
چ مەعلوومە
نامبەیتەوە بۆ تاریکی
بسرەوە ئەی دڵێک
لەتەرحی وەڕسبوون
کە سیحری روومت خواردەوە
چ مەعلوومە
وێڵم ناکەی
بێ چرپە بە
ئەی لێوێک سەرقاڵی خەتا

مەڵێ لە کوێی
لە هەموو جێیەکی دوورم
روحم پڕ شنەی کێوانە و
دەستم پڕ خەتی چارەنووس
ئەی روحێک لە نەسلی فیراق
گەر ونم کەی
مەگەر تەنیا دەرگای هەرەس بکەمەوە
بەتەنیایی
رێگەی پێچاوپێچی عومر ببڕم
بەنزای چاو
رێی ئەم ونبوونەم بگۆڕم
ئەی عەشقێک لە تەرحی مەرگ
کە تۆ لە بینابیم وێڵ بی
کوا داڵدەی کپی روحی من
وەرە هاوڕێ
بۆ تاوێکیش
بیر لە خاکی
گیرۆدەی دەستی ئەوین و
شەرمی بەتاڵی
چاوی
حەواکانی هاوڕێی من بکەرەوە
***
لەخەونمدا
ئادەم گۆزەیەک شەرابی
لەبەر پێم رشت
ئەو خەمەیە کە تا ئەبەد بۆی نامەوە
بەدەستی خۆی
پێکێک لە بای پێ نۆش کردم



چاوی ئادەم
لە عەسرێکی سەرگەردانی ناخم ئەچوو
تەمەنمی نایە سەر لێوی و
ئاوڕی لێ نەدامەوە
مەگری ئەی دالْدەی هەورەکان
چ مەعلوومە
زەمین بە دەریش ناکرێین
گەر ئەمجارە هاتیە خەونم
من رەدووی خەیاڵ ناکەوم
مەگری ئەی هەورێک
لە نەزەر
چ مەعلوومە
لە ئێوارەیەکی دوورتر
نامبەیتەوە
بۆ تاریکی
هەتاکو دەت بۆ ئەژمێرم
دەنکە هەنارەکانی
بەرپێی من کۆ کەرەوە
هەتاکو بیستت
بۆ ئەڵێم
مەگری
مەگری
مەگری....
گەر گریاشی
ئەوە لە بۆ مەرگی من و
گەڵای عومرم
پێ بکەنە



٢٠٠٩/٦/١٠